دەشکا و پاشەکشێی دەکرد.

شەڕەدەسپێ، کێبڕکێی نێوان دەسپێکان و دەسپێژمارێن. ئەو یارییانە بوون کە هەتێک لە پێشمەرگەکان لە کاتی بێکاریدا خۆیان پێ سەرگەرم دەکردن!

مەفرەزەکان، دەچوونە گەڕان و دەهاتنەوە. دەچوونە شەڕ و دەهاتنەوە. هەمیشە لە گەڕانەوەدا، پێشمەرگەیەک یان زیاتر کەمی دەهێنا. ئەوان دەکەوتنە بۆسە و شەهید دەبوون. لە دەستوەشاندندا لە دوژمن، دەدەنگێوران، بە دیل دەگیران، ماندوو دەبوون و دەگەڕانەوە شارەکان و لاوانی سەرچڵ و خوێنگەرمی دیکە، جێگایان پڕ دەکردنەوە

مەفرەزەیەک دەڕۆیشت و ئەوی دیکە لە ئەشکەوتدا دەمایەوە! لەوێدا بواری خوێندنەوە و حۆفدرگرتن هەبوو. کۆبوونەوە و سیمینار دەگێڕران و پێشمەرگەی خاوەن باوەڕ و بە دیسیپلین بەرهەم دەهێنران

کۆمەڵە گەنجێک، دڵ پڕهیوا و دەروێشی تەکییەی فیکر و سیاسەتێک، ئەگەر حەماسەت و هەستی شۆڕشگێڕیی نائەقڵانی لێ وەدەرنێی، ئەوا هێشتا لە ڕوخی دنیای فیکر و سیاسەتدا تازەکار و هیچی لێ حاڵی نەدەبوون! کۆمەڵە گەنجێک، لەنێو دڵی دار و بەردی چیادا، تەنیا خۆیان و چەکەکانیان و بڕواکانیان بوون! ئەوان، تەنیا هێزێک دەبزوێندران کە سەرچاوەکەی ستەمی بەعس بوو. سیاسەتی داپڵۆسێنەرانەی بەعس. ئەو چاخماخەیە بوو کە کانیی هێزێکی ڕوحیی لە جەستە و عەقڵی ئەو ئینسانانەدا دەتەقاند و دەبوویە دایینەمۆی هەڵسووڕانیان و وەجەزبەی دەخستن. فیکر و تیۆری «کۆمەڵە» کە ئامێنەی ئەم هێزە ڕۆحییە دەبوو، ئایدۆلۆژیای دەکردە مەزهەب و هەڵگرانیشی بە سۆفیی خەلوەتکێشی گۆشەی تەکییەی حیزب، بزووتنەوە. سەرکردەیەک کە نەیبینیبوویان و نە دەشیاناسی

کۆمەڵەسۆفییەکی قەڵەندەر، تووندڕەو، مێشک بە زەبر و خوێن و تووندوتیژیی سیحتاخکراوی لە ئەشقی شۆڕش و خەڵکدا تواوە کە لە هەر لەزەتێکی جەستەیی بێبەری و لە ژێر گوڕزی ئازاری برسییەتی، ماندوویەتی و قەیرانی ڕۆحیدا دەبزووان و لە هەناوی تاریکاییدا لە جۆرێکی دزراو دەگەڕان. دنگە لە شکانەهاتووەکانی ئەو بزووتنەوەیە بوون کە ئێستا بە «هەوار»ێک گەیشتووە.

_ ئێستا چ کارێکت هەیە؟

_ هیچ کارم نییە. بەڵام دەفتەرێکم هەیە چەند چیرۆک و پەخشانێکی تێدان. دەتوانیت بیکەیەنیتە شار و پاشان کاسێکی بۆ دەنێرم.

_ من نازانم چیرۆک و پەخشان چین! بەسەر چاو. هەرچییەک هەیە، بیدە بە ئەوزاد و عێلی دەبێگەیەنم برادەرەکانی بێوشارتان ئاگادار بکە با بێن و هەر کارێکیان هەبوو، بە سەر چاو!

عومەر هەستا. ئەملاولای ماچ کردم. لە چاوەکانی عومەر ڕامام. ڕکم لێی ئەدەسوویەوە. بەزەییم دەهاتێ و دڵم پێی دەسووتا!

ڕۆژی دوایی، جێشتنگاو، لە زیندانەوە بوو بە هەڵا. ئەمشەو، عومەرعەرەب، ئەرزانی عەبەی تەقی و غەریب کوێخوێتی، دەرباز بووبە!

لە فڕگەی «مۆسکۆی جوان» دەنیشینەوە و بە پاسێک بۆ هۆتێلی «ترانزیت»مان دەگوێزنەوە تا ڕۆژی دوایی بە پێی ئەو «ڤیزا»یەی پێمان دراوە، بۆ «وارشۆ» بفڕین!
لە هۆتێلەکە، دوو جوامێر «ئاراسی قادر مندەوەر و سامانی مەلا ئەحمەدی بانیخێلانی» دێنە سەردانمان. پاسپۆرتەکانمان دەدەین، بلیتی «ستۆکهۆلم»مان بێ هیچ بەرانبەرێک بۆ پەیدا دەکەن و دێنی بێمە. ڕۆژی دوایی، لە «مۆسکۆ»وە بۆ سوید، بۆ وڵاتێک کە من جگە لە فیلمی «ئامۆژنەک لە سوید» هیچی دیکەی لێ ئاشنا نیم، دەفڕین!

